# له"لاهای" (هۆڵەندا) سیمینارێك بەزمانی عەرەبی لەسەر

# ئەنفال

پەیامنێری کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال

له ٢٠٠٢/٤/٦ لەشاری لاهای هۆڵەندی و له درێژەی چالاکیکانی کەمپینی هەڵبجە و ئەنفال و بەهاوکاری ڕێکخراوی ڕێکخراوی ڕۆشنبیرانی پێشکەوتنخوازی کوردستانی له هۆڵەندا، سیمینارێك به زمانی عەرەبی بۆ بەڕێزان: مەریوان وووریا قانع، د.عەدنان حوسەین و د.حوسەین عەبدعەلی سازکرا.

سەرەتای سیمینارەکە لەلایەن بەڕێوەبەری کۆڕەکە عەدنان عوسمان ووتەیەکی کورت دەربارەی کار و چالاکیەکانی کەمپینی هەڵەبجە-ئەنفال خوێندرایەوە کە تیایدا بەکورتی باس له چالاکیەکانی کەمپین کرا کە ئەمساڵ زۆربەی ولاّتانی جیهانی گرتەوە، هەر لەکەنەداوە بۆ ئوستراليا و سەرجەم ولاّتانی ئەورووپی و تورکیا، بەمەبەستی ناساندنی ناوەرۆکی پڕلەکارەساتی ئەم ڕووداوە بەڕای گشتی جیهان و دادگایی کردنی سەرانی ڕژێم و ئەنجامدەرانی ئەم تاوانە دژبەگەلی کورد.

هەروەها ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە سەرەڕای ئەم هەموو چالاکیانە، بەلاّم هێشتا بەگوێرەی حەزو بەرنامەی ئێمە نەبوو، بەداخەوە هێشتا عەقلّیەتی حیزبایەتی و عەقیدەچێتی، هەندێ لەکێشەکانی کۆکردنەوەی سەرجەم کۆمەڵی کوردی دەرەوە بوون لەدەوری کەمپین دا، بەلاّم سەرەڕای ئەمەش ئەکرێ بلّێین ئێمە توانیمان هەنگاوی دروووست بنێین و لەڕێگەی ڕاست و دروووست بڕۆین.

پاشان نووسەر و ڕۆشنبیری ناسراو کاك مەریوان وووریا قانع دەستی بەپێشکەشکردنی باسەکەی کرد بەناوی (شالاّوەکانی ئەنفال – دەروازەیەك بۆ لێکۆڵینەوەی کۆمەڵگای عێراق) لەسەرەتادا باسی ئەوەی کرد کە هێشتا خوێندنەوەیەکی هەمەلایەنەی گرنگ، بەدوور لەوەی کە کورد وەك قوربانیەك پیشان بدات نیە، ئەنفال بەڕای بەڕێزیان چەمکێکی فکری، سیاسی، ئەخلاقی یە و لێکۆلینەوەی کۆمەڵگای عێراقی بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەنفال زۆر ناتەواو ئەبێت.

هەروەها ووتی: ئەنفال ناردنی نامەیەك بوو بۆ کۆمەڵگای عێراق بۆ مل کەچ کردن و بێدەنگی، ئەنفال هەوڵێك بوو بۆ تێك دانی لادێ ی کوردی، بۆتێك دانی ژێرخانی لادێکان... پاش ئەنفال کۆمەڵگای کوردی زیاتر پشتی بە حکومەت بەست بوو، لەلایەکیشەوە چاودێری کردن و کۆنترۆڵ کردنی خەڵکی کوردیش ئاسانتر بوو، بەهۆی ئەنفالەوە شارەگەورەکان بوونە لادێی گەورە و پەیوەندی دروووستی نێوان شار و لادێ تێك شکێنرا، له خوێندنەوەیەکی کورتیشدا بۆ کۆمەڵگای عێراق، ئاماژەی بەوە کرد کوا شتێك نیە بەنێوی گەلی عێراق یان نەتەوەی عێراق، مێژووی ئەم دەوڵەتەش هەوڵدانێك بووە لەم پێناوەدا، کە مێژووی پڕ لەداپلۆسین و سەرکوت و کوشتار بووە...

سایکۆلۆجیەتی دەسەلاّت له عێراق دا سایکۆلۆجیەتی تاقم (عصابات) بووە کەباشترین ئامرازی لەناو بردنیان له بەردەستدا بووە.

کەلتوری عێراقیش کەلتورێك بووە پڕ له سەرکوت کردن بەرامبەر گەلی کورد، نیشاندانی کورد وەك چەتەو بەکرێگیراو و نۆکەری بێگانە بۆیە بەشێك بووە لەو فەرهەنگە.

پاشان باسی لەوە کرد کە کارەساتی ئەنفال پەیوەندە بە هەموو کۆمەڵگای عێراق و ناوچەکە و جیهانەوە و هەموو مرۆڤێك لەڕووی ئەخلاقیەوە تەنها خۆی بە بەرپرسیار بزانێت بەرامبەر بەم کارەساتە و هەموو کارەساتێکی تر لەهەرشوێنێکی دنیادا ڕوودەدات.

©KurdistanNet

پاشان ڕۆژنامه نووس و پەیامنێری ڕۆژنامەی (الزمان) د. عەدنان حوسەین باسەکەی پێشکەش کرد بەناوی (کەمتەرخەمی ڕاگەیاندن لەمامەڵەکردندا لەگەڵ تاوانەکانی هەڵەبجە و ئەنفالدا) ، هەرلە سەرەتاوە بەڕێز عەدنان حوسەین ئاماژەی بەوە کرد کە بێدەنگی گوێنەدانێکی زۆر بەرامبەر بەم کارەساتە لە ئارادا بوو، هۆکارە سەرەکیەکانی ئەم کپی و بێدەنگیەش بەڕای ئەو ئەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندی ڕژێمی عێراق بە ئەمریکا و ڕۆژئاوا لەو دەورانەدا، ڕژێمی سەددام ڕژێمێکی مەقبوول بوو ئەو کات، و ڕۆڵی پۆلیسی کەنداوی بینیوە... باسی لەوەش کرد کە ئەمریکا بەڕاستی لەپێناو دەوڵەتێکی کوردیدا هەوڵ نادات.. ئاماژەشی بۆ پەیوەندی و هاوکاری وڵاتانی ناوچەکە (جگە لەسوریا) بۆ عێراق لە دەورانی پێش ١٩٩٠ دا کرد و کە هۆکارێك بوون بۆ بێدەنگی لە ئاست کارەساتی هەڵەبجە و ئەنفالدا.

د.حوسەین عەبد عەلی، لێپرسراوی ڕێکخراوی بەرگری لە مافی مرۆڤی عێراقی لە هۆڵەندا، کەسی سێهەمی ئەم سیمینارە بوو، وە باسێکی یاسایی بە ناوی: (لێپرسراوەیی یاسایی بەرامبەر بە تاوانەکانی ئەنفال) پێشکەش کرد، پێشەکی باسی لەوە کرد کە لەناودانی دەستەجەمعی بەشێك بووە لە کارنامەی ڕژێمی عێراق کە هەموو بەشەکانی کۆمەڵگای عێراقی گرتۆتەوە، پاش گوزەرێك بەسەر یاسا نێودەوڵەتیەکان دەربارەی مەفهوومی جینۆسایدو شێوازی دادگایی کردنی ئەنجام دەرانی لەناوخۆ ودەرەوە، باسی ئەوەی کرد کەئێستا هەندێ وڵاتی ئەورووپی توانای دادگایی کردنی ئەو تاوانکارانەی هەیە، بەلاَم ئەوە سەختە چونکە ڕەزامەندی وڵاتەکەی پێویستە. لەکۆتاییدا گەیشتە ئەو ئاکامەی کە باشترین شێواز دواکردنە لە ئەنجومەنی نەتەوەیەکگرتوەکان بۆ پێك هێنانی دادگایەکی تایبەت بۆ دادگایی کردنی سەرانی ڕژێم.

پاش تەواوبوونی پێشکەش کردنی باسەکان، گفت و گۆیەکی گەرم لەسەر بابەتەکان درووست بوو وە بەتایبەت باسەکەی کاك مەریوان جێگای سەرنج و پرسیاری زۆری بەشداربوان بوو.

©Kurdistan Net